ئەو ئاگرەی بەکاری دێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو ئاگرەی بەکاری دێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ»، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنها ئەوە بەس بوو، فەرمووی: «شەست ونۆ هێندەی ئاگری (دونیا گەرمە) هەربەشێکی وەکو گەرمی (ئاگری دونیایە)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئاگری دونیا بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ، ئاگری قیامەت تین وهێزی گەرمی زیاترە لە ئاگری دونیا بە شەست ونۆ پلە، هەربەشێکی هێندەی گەرمی ئاگری دونیایە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئاگری دونیا بەسە بۆ سزادانی ئەوانەی لەنێو دۆزەخن، فەرمووی: شەست ونۆ هێندەی ئاگری دونیا گەرمە، هەربەشێکی وەکو گەرمی ئاگری دونیایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65036